www.kurdistannet.org
9-7-2006 23:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# شیوەن ... خاڵەبەکر

bakeramin@hotmail. com



لەگشت کەسێ لام ئازیزتر..،
ئەمجارەش بێ و،
تائەتوانی دەست درێژکە،
بۆ دڵەکەم و هەڵی گلۆفە..
گەواڵەخەم کۆکەرەوە،
لەبەردەمی دەرگایەکیا بە خوێنەکەم.. !
دۆزەخێکی بێ هاوتایان بۆ دابخە.. !
ئەمجارەش بێ و..
چنگێ گەڵای ووشکی زەردی درەختەکەی ئەم تەمەنەم،
لەئامێزی کەڵترین خەم.. !
وورد، وورد، بوکتەو..
بەئەشکەکەی چاویان کوێرکە،

ئەم جارەش بێ و.. !
تێم بروانەو، وورد بەرەوە..،
لەو چاوانەی کە تاسەتی تیا وون بووە..
لەو چاوانەی..،
کە جۆگەلەی کەمەر تەنگی وەک خۆت ئاسای لەبەر رووما هەڵکەندووە.. !
ئەم جارەش بێ و.. !
تەنها هەر خۆت ئاگات لێ یە..،
کەچۆن تاسەم..
خەڵوەتگایەو هێلانەیە،
بۆ پاساریە تەریوەکەی ئەم بەهارەم..
ئەویش لە سەر بەرزە چڵێ..
مات و مەلوول دەڕوانێت و کەسێ نیە باڵی بگرێ.. !
ئەمجارەش بێ و فریام کەوە.. !
نەبا هەور زەفەر بێنێ و..
زووخاوی گشت دەریاکانی ئەم جیهانە،
دابارێنێ بەسەر سەرما،
دەبێ،
دەبێ.

1985/5/14